# داودۆزی سەرەداوی کارەساتی کەرکووک

# نەوت ، ئەزبەنی ، نەوت ، باوکی هەموو لۆبی و مۆبی ێکە

# دۆزی نەتەوەیی کورد و دانەچیرەی گورگ یەل نەوتی لە یەکتر

جە نقیسینەک خوە ئا پێشووترمان (پاشخانی سیاسی کارەساتی ئاشبەتاڵی کەرکووک ؛ ٢٠١٧/١٠/١٧) ئاماژەمان بەو ڕاستیە کر کو کارەساتی کەرکووک و دەڤەری گەرمیان بە گشتی " فرمانێک بوو و فرمانێکە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بێ هێزکراوی کوردە و گەلێ هۆکاری دەرەکی بەهێز دەوریان بووگە لە هاتنە ئارای " . تراژیدیای خۆفرۆشی و خەیانەتکاران و کەوا و کلۆنجە و کوڵوانە سووری بەر لەشکری داگیرکەر و ئازاری خەنجەری ژەهراویی لە پشتی کوردان ، دڵ و دەروونی کوردی تاساند و خستیە دۆخێکی خەمۆکی وەهاوە کە تێکڕای تاوان و سووچی پاشەکشێی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدرێتە پاڵ ڕەوەیەک لە جاش و خۆفرۆش و خەیانەتکاری بوودەڵە و نزم و نەویی و ئیدی یاریکەرانی سەرەکی ئەو کارەساتە تاڵە فرە بە هەند وەرنەگیرێن . ئەمەیچ ڕێکار و ئاکاری داڕێژەرانی کارەساتەکەس کە وابکەن کورد بەوەوە خەریک بکەن کە دێزە و دەرخۆنەی ئەو نەهامەتی یە بە سەر ئیک دوو دا بشکێنن و سەریان نەپەرژێتە هۆکاری سەرەکی کارەساتەکە . گاگەلێک لە چەلەحانەکەرانی سەر میدیاکان کە لە پێش دا لۆ ئەم مەبەستە سازکرابوون، کارا کران و لە سەر ئیک خاڵ کەفتنە هەڵەوەڕی کە ئەو ژی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستانە . بالۆرەی ئەم هەڵەوەڕانە ژی ئەوە بوو و ئەوەسە کە گوایە هەڵەی گشتپرسی ، هۆکاری بەرو ودوای کارەساتەکەی کەرکووک بوو و ئەمەش ئەکەنە پاکانە لۆ خۆفرۆش و خەیانەتکاران ، لە کاتێک دا سەرکەوتنی گشتپرسی سەربەخۆیی بەرزترین و بەنرخترین دەسکەوتی مێژوویی کوردە بە گشتی لە دەیان ساڵی ڕابردوو دا .

لە بابەتێکی دواترمان (شەڕی نیشتمانیی کوردستان ،خەیانەتکاری نەتەوەیی ؛ ٢٠١٧/١٠/٢٧) مە مژاری (دەستی گڵاو و ئەهریمەنی کۆمپانیا ئەهریمەنیەکانی نەوت) لە پێوەندی وەگەرد کارەساتی کەرکووک هەژاند و ئاماژەمان بە ڤێ چەندێ کر کو تەنیا دوای دوو کاتژێر کۆمپانیای ئینگلیزی نەوت (BP) خۆی گەیاندە کێڵگە نەوەتیەکانی کەرکووک و بەتەما بوون هەر خێرا پاش پاشەکشێی هێزی پێشمەرگە دەس بە تاڵان و پڕەوی نەوتی کەرکووک بکەن . ئەم هەڵپەی کۆمپانیای ئەهریمەنیی ئینگلیزی سەرەداوێک بوو و سەرەداوێکە کە ئەڕای داودۆزی کارەساتی کەرکووک مەشیا بایەخی تواوی پێ بدرابا .

بە پێچەوانەی جارانی پێشوو کە کورد لە شەڕ دا ئەشکا و بزاڤە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەکەی نسکۆی دەهێنا ، ئەم جارە کورد لە لووتکەی دەسەلات و بەرزیی ورە و گیانی سەربەخۆیی کە گشتپرسی گەیاندبوویە خاڵی هەرە بەرزی ،گلا ، وەکی داستان و چیرۆکی ناو ئەفسانان . دۆخی کورد بە گشتی لە ئاستێک دا بوو کە هەر خێرا هەڵسایەوە و تەسی بە دوژمن دا ( شەڕی پردێ و دەڤەری دجلە ) . دوژمن ژی هەلی بە دەرفەت زانی و دەستی کرد بە تەوژمی سیاسی و ئابووری و سەربازی و دیپلۆماتیکی خستنە سەر کورد . هاوتەریب و هاوئاقار وەگەرد ئەمەیچ بالۆرەژەنانی ناوخۆیی ژی کەفتنە ڕژاندنی ژاری دووبەرەکی و خۆخۆری و ئاژاوە نانەوە . خەونی خەیاڵاوی و بێ بنەمای دوژمنانی کورد ئەوە بوو کە کورد بەرەو ساڵانی زووی ژێردەستەیی پاشەکشێ پێ بکەن . سیاسەت و دیپلۆماسی و کاردانەوەی دەسەڵاتی کوردی جە باشوور لەم دۆخە دا فرە ڕەنگین نینە و بەکردەوەش هیچ دەسکەفت و ڕێکخستنەوە و بەخۆداهاتنەوەی کوردی دەستەبەر نەکرد کە هیچ ، بەڵکوو مرخی دوژمنانی کوردی لە دەس درێژی فرەتر خۆش تر کرد .

کردەی حکومەتە لەق و لۆقەکەی هەرێمی کوردستان لە سەر کێش و وزەی شۆڕشگێری و گیانی بەرزی کوردانە و تەنانەت هاوکێشەیەل ناوچەیی و جیهانی ژی هەڵ نەبەستراوە و هیچ دیار نیە کە پاش گشتپرسی و کارەساتی کەرکووک و هێرشی سپای داگیرکەر بە تەمای چیە . بنێشتەخۆشەی دەستووری عێراقی و دان و سەندن و دەریۆزەگەری لۆ بەشە پارەی عێراقی و مووچەی فەرمانبەران ( کارگێران ، فەرمانبەر دەستەواژەیەکی ناشیرینە ) دە ڕاستی دە هێنانە خوارەوەی کوردە و بە فەرمی دان نان بە سەروەری دەسەڵاتی شێعەگەری سەفەویی مەلای عەجەمان لە عێراقە و گومانیچ لەوەدا نینە کە هیچی بۆ کورد لێ شێن نابێ و کای بەر بای یە و حکوومەتی هەرێم دۆراوی ئەو بەزمەیە و کوردیش تووشی دۆرانی فرەتەرتەر ئەکاتن . لەل ئەم هەوڵە بێ بنەما و بێ سەرە و بەرەی دەسەلاتی سیاسی هەرێم ، ئەوەتا خەڵکێکی بەرچاو خۆیان بە مژاری یەکریزی کوردەوە خەریک کردووە . هێنانە گۆڕێی مژاری یەکڕیزی تێتە ئەڤ واتا کە کورد ئیک ڕیز نینە و ئەمەش هۆکاری کارەساتەکەی کوردستان بوو کە هیچ بنەمایێکی نینە . کورد چ وەک نەتەوە بە گشتی و چ وەکی بەشی باشوور قەت مینا ئیرۆ ئیکڕێز نەبوونە . مژاری یەک ڕیزی یان ئەوەتا لە نەزانی و تێ نەگەیشتوویی سیاسی یەوە سەرچاوە ئەگرێت ئانکو ئەوەتا خۆفرۆش و خەیانەتکاران پاش دۆرانی مێژوویی یان وەکی هۆکارێ دکاری تێنن داکو لە ژێر ئەو دروشمەدا دیسان خۆیان بخزێننەوە ناو ڕیزی ئێکڕیزی نەتەوەیی کورد و پاشەڵ پێسی مێژوویی یان وەپێ بسڕنەوە .

بەزمی ئاشبەتاڵ و کارەسات سازانی باشووری کوردستان دیسان هەم لە خۆڵقاندی کارەساتی کەرکووک و هەمیچ پاش کارەساتەکە درێژەی هەس . ئەم دیاردە تێکدەرانە گیانی سەردەمیانەی مەردم کورد کوشیتەی و وزەی بەرفراوانی شۆڕشگێری کوردانەی کوردان ئەخنکێنێ . وەکی چاڤا تێتە بینین ، کاربەدەستانی کورد گوێیان نەدایە ئەو ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەی کە ڕاست بە دوای داگیرکردنی کەرکووک و خانەقین و گشت گەرمیان دەستی پێکرد ، وەکی تە بێژی دیاردەیەک هانا چ واتایەک پەی ئەوان نەیری . بە پێچەوانەی ئەم کورت هێنان و کەمتەرخەمی و نەزانیەی دەسەڵاتی کورد جە باشوور ، دوژمنانی کورد زۆر بە باشی هەڵ سەنگاندن بۆ وەها دیاردەیەک ئەکەن و کردیان و گەلاڵەی دژکردەوەیان لە دژی مەردمە ڕاپەڕیوەکە داڕشت و هەیا نها ژی خەریکی بەڕێوەبردنین . لەل ئەمەش ئەوەتا دیسان هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان خستوەتە دۆخی دەستەوسانی و چاوەڕوانکردنی دوژمن لەبۆ دەسپێشخەری شەڕ و بە تەمانە بە سیاسەت و دیپلۆماسی دۆراو شتێک لۆ کورد دەستەبەر بکەن .

کوردی باشوور ئەمە دۆخەکەیەتی . کەچی ئەوەتا هێدی هێدی سەرداوەکانی کارەساتەکەی کەرکووک خەریکە ڕوون ئەبنەوە و تێکڕای هێماکان ئاماژە بەوە ئەکەن کە پیلانی مەلای عەجەم و کۆمپانیای ئینگلیزی نەوت بەرەو هەڵ وەشاندنەوە سەری پێوە ناوە . ئامریکا و ئاورووپا هاتوونەتە دەنگ و فەرانسەش یەکسەر تەقاندیەوە بە وەی کە ڕاستەوخۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی بانگهێشتی کۆشکی ئلیزە کرد و ڕای گەیاند کە حەشدی شێعە ئەشێ هەڵ بوەشێنرێتەوە و مادەی ١٤٠ ی دەستووری عیراقی جێ بە جێ بکرێتن . ناشێ کە کورد لە خۆی بشێوێنی و ئەم وەرگەڕانەی سیاسەتی ڕۆژئاوایی بە دەسکەفتی خۆی و خەباتە نادیارەکانی بزانێ . بێجگە لە چەند لێدوانی سەرۆکی پێشووی هەرێم و کاکەپێشمەرگەکەی ئێستای کوردستان کە وەرامی لمۆزشکێنی بە دەسەڵاتی بەغدا و دادگای دەستووری ئەو وڵاتە دایەوە و بنەمای یاسایی ئەو بە ناو دادگایەی هەڵ تەکاند ، شتێکی ئەوتۆ لە کاربەدەستانی هەرێمەوە نەبینرا .

شەڕە گورگی پارەپەرەستان و بۆن کەرانەی نەوت گەرم داهاتووە . هەر ئەم شەڕەش بوو کە کارەساتی کەرکووکی بە سەر کوردا هێنا . بەزمەکە لە چاڵە نەوتیەکانی تەق تەق دەستی پێکرد . هەتا نیوەی ساڵی ٢٠١٥ گوایە هەموو چتێک باش بووگە گۆر پەیڤی مورات ئوزگول ، جێگرەوەی تۆنی هەیوارد سەرۆکی پێشوی BP و گەنەل . ئەو چاڵانە ئاوی تێزا و فرمانی دەرهێنان و هەناردەکردنیانی فرە خراپ پەک خست . کۆمپانیای نەوتی گەنەل زۆر خراپ دۆراندی ( یەک بیلیۆن دۆلار ) و نرخی زۆر دابەزی . ( بڕوانە وتارێک بە ئینگلیزی کە لە سەر ئەم مژارە نووسراوە و ڕۆیتێرز و دەیلی مەیلزی ئینگلیزی بڵاویان کردەوە : " چۆن چۆناهی کۆمپانیای گەنەلی هەیوارد چاوگەی نەوتی کوردستانی لە کیس چوو "

**How Hayward's Genel lost its Kurdish oil reserves**

https://www.reuters.com/article/uk-genel-energy-reserves/how-haywards-genel-lost-its-kurdish-oil-reserves-idUKKCN0YM0CK

(http://www.dailymail.co.uk/wires/reuters/article-3617239/How-Haywards-Genel-lost-Kurdish-oil-reserves.html).

سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بە سەر داعش و دەس بە سەرا گرتنی چاڵە نەوتیەکانی کەرکووک خاڵێکی فرە گرینگە کە شەڕە گورگی کۆمپانیا نەوتیەکانی لە کوردستان چڕ و خەست تر کردەوە . ئەشێ گەنەل و ئینگلیزیەکان چاوەڕوانی ئەوە بووبیتن کە حکوومەتی هەرێم قەرەبووی ئەو خەسارەی تەق تەقیان بۆ بکاتەوە بە بەشە نەوتی کەرکووک . حکوومەتی کوردستان نەک هەر ئەمەی نەکرد بەڵکو ڕاست بەپێچەوانەی چاوەڕوانی ئینگلیز و ئەمریکایی یەل وەگەرد ڕۆزنەفت ڕووسی دەستی تێکەڵ کرد و گرێ بەستێکی فرە گاورەی وەگەردیان بەست کە لە بابەتێک (بەڵای ڕەشی زێڕی ڕەش ، بڤەی ئاگرەسوورەی گەمەی ڕووس و ئامریکا ٢٠١٧/٦/٦) گەنگەشە کرا . ئەو هەنگاوەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم ، هەنگاوێکی هەڵ نەسەنگێندراو و تژی مەترسی بوو و لە ئاکام دا بەو کارەساتەی کەرکووک بە سەر کوردا شکایەوە بەوەی کە کۆمپانیای ئەهریمەنی نەوتی ئینگلیز دەستی لەگەڵ مەلای عەجەم تێکەڵ کرد و ویستیان بە دەرکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کەرکووک و گەڕاندنەوەی بۆ ژێر دەسەڵاتی بەغا و تاران ، دەس بە سەر کێڵگە نەوتیەکانی دەڤەرەکە بگرن .

گرینگی داگیرکردنی کەرکووک بە تەنێ ژ ئالێی سیاسی و دوژمنایەتی مەلای عەجەم وەگەر مەردم کورد نەبوو بەڵکو ئەو گرینگی یەی دیکەشی هەبوو کە نەوتی عێراق و عەجەمستان ئەکەفتە دەس مەلای عەجەم و بەمەش نرخ و قورسایی ئەوان لە ڕێکخراوی ئۆپێک دا هەڵی ئەدا و ئەیان تانی مل دە ملی وەهابیە یەل سعوودی بنێن . ئا لەم سۆنگەوە دەکرێت بووشین کە لایەنێک ترەک جە کارەساتەکەو کەرکووک شەڕی سەفەویی مەلای عەجەم و وەهابی یەل سعوودی یە . ئەم ڕاستیانە دەرخەری تاکتیک و ڕا و بۆچوونی سیاسی ڕووس و عارەبی سعوودی لە مەڕ دۆزی کورد بەگشتی و مژاری سەربەخۆیی کوردستانن . لەورا گاڤەک مە دەگوت کو هۆکاری دەرەکی فرە گاورە دکاردا بووگن پەی ئەو کارەساتەی لە کەرکووک بە سەر کوردیان هێنا تێتە ئەڤ واتا کو شەڕە گورگی کۆمپانیا ئەهریمەنی یەل نەوتی و شەڕی عارەب و عەجەم کەفتە باشووری کوردستان . " بڤەی ئاگرەسوورەی گەمەی ڕووس و ئامریکا " بە کردەوە هاتە دی . گەڕی پێشووی شەڕی گورگ یەل بە کارەسات بە سەر کوردا شکایەوە .

ئیرۆ ولو خویا ئەبێتن کە گەڕێکی دیکە شەر گورگ دەستی پێکردووە و کەوتوونەتە دانەچیرە لە یەکتر و وادیارە کە ئەشێ ئەم گەڕە لە بەرژەوەندی کوردا بێت گەر کورد خۆی تێکی نەدات . ڕۆژنەفتی ڕووسی سوورە لە سەر درێژەدان بە گرێبەستەکەی وەگەرد کوردستان کە بەشێک لە نەوتی کەرکووک ئەگرێتەوە . ئەمەش ئەو کۆمپانیا ڕووسی یە ئەخاتە شەڕی بەرژەوەندی وەگەرد کۆمپانیای ئینگلیزی . سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا لە ژێر سەرۆکایەتی ڕێکس تیلەرسۆن کە کۆنە گورگی نەوتی یە و دۆستی کۆنینەی عرووسان و پوتینە کەوتوەتە ژێر تەوژم و پرسیارەوە بەوەی کە ڕێکارێکی بێلایەنانە و کەمتەرخەمانەی سەبارەت بە ڕێکاری کۆمپانیای ئینگیزی و مەلای عەجەم لە کەرکووک ڕەچاو کرد و کۆنە دۆستە ڕووسیەکانی تووشی سەرئێشە کردوە . دەنگۆی وەلانانی تیلێەرسۆن لە کارەکەی گەرمە و ئەشی دۆستەکانی عرووس لە دەزگای ترامپ لە پشتی بن . گەر ئەمە وەڕاست بگەڕی ئیدی ئەشێ جەنابی تیلێرسۆن وەک یەکەم قوربانی سیاسی دەرەکی کارەساتەکەی کەرکووک بخەملێندری و شیاوی ئەو تێ هەڵدانەیە ژی . نوخشە بێ لە مەکگورگ.

بەزمی دەرچوونی ئینگلیزیان لە یەکیەتی ئاورووپا مژارێکی دیکەیە کە دەوری خۆی هەس لەم گەڕەی شەڕە گورگ یەل نەوتی . وادیارە کە یەکیەتی ئاورووپا هاوتەریب وەگەرد عرووسان ، هەلی بەرپەرچدانەوەی کارەساتەکەی کەرکووک و تیلی ئینگلیزیان لەو کارەساتە بقۆزێتەوە پەی بەرژەوەندی خۆیان لە دان و سەندنیان وەگەرد حکوومەتەکەی ترێزا مەی ئینگلیزیان . هیچ گومان لەوەدا نیە کە سەردانی بە پەلە و چاوەڕان نەکراو و بێ ئاکامی ترێزا مەی بۆ بەغدا پێوەندی بەم گەڕەی شەڕە گورگەکانەوە هەس . گەر دژبەری و ململانێی ئاروپا و عرووسان لۆ ئینگلیزیان کەم نەبوو ، ئەوتا ئامریکای ترامپ ژی هاتگەسە بانی . هەرای لێک ترازانی ترامپ و مەی لەم ڕۆژانەی دوایی دا کە دەبێ لە لایەن عرووسانەوە ڕێک خرابێ ، باری ئینگلیزیانی گران کردوە بەوەی کە جە هەمبەر ئاورووپا پشتیان بە ئامریکا بەستبوو و پێوەندی تایبەتی ئامریکا و ئینگلیزیان کردبووە بنەمای کاریان لۆ جیابوونەوە لە ئاورووپا . کوردەکەو ماچۆ ، ئینگلیز بە چوارپەل و دەم و قەپۆسیشەوە پێوە بووە و ئەشی باجێکی قورس بدات بۆ ئەو دەورەی لە کارەساتی کەرکووک بینی . بانگ هێشتنی حکوومەتی کوردستان لۆ کۆشکی ئلیزە و هەڵوێستی توندی سەرۆک کۆماری فەرانسە لە دژی

عێراق ، تەپڵی شەڕە گورگەکەی بە ئاشکرا لێدا . ئینگلیزی تەریک کەوتە و عێراق و مەلای عەجەم دە هەمبەر ڕووس و ئامریکا و ئاورووپا شەڕی بەشە نەوتی کوردستانیانە . کورد ژی لە دەرەوەی ئەم شەڕەیە و سەیرکەری شەڕەکەیە و حکوومەتەکەی بە دەهۆڵیان هەڵ دەپەڕێ و شەریکە دز و هاوڕێی کاروانە وەک جێگری سەرۆکەکەی . ئەمەش لە کاتێک دایە کە کورد بە خۆی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێشمەرگەی ڕزگاری و بەورەکانی گەرمیان و کەرکووک و سپای بەهێز و بە وەجی گەنجانی ئامادەی ڕاپەڕین و شۆڕش و نەوەی ڕاپەڕین ، دەبا بە کردەوە پڕیاردەری یەکەم و بەرودوا لە سەر نەوتی نیشتمانەکەی بێت .

کورد کاراترین و بە پڕشت ترین چەکی نەوتی بە دەستەوەیە گەر بزانێ و بتانێ دکاری بهێنێ . کەچی خەڵکێک هەنە خۆیان بە لۆبی و مۆبی یەوە خەریک کردوە و سەرکەوتنی جوولەکە لە ئامریکا بە چاوی کوردا ئەدەنەوە کە دەری ئاخاتن کە نە لە ئامریکا تێ گەیشتوون و نە جوولەکەیان ناسیوە . ڕەنگە ئەوەش نەزانن کە بەزمی لۆبی بازرگانیێکی قرێژە بۆ ئەندامانی پارلمان و دەزگای یاسادانان . کارەساتی کەرکووک ، لە درێژخایەن دا فرەتر لە کوردستان ، جوولەکە و ئیسرائیل ئەخاتە مەترسی ، ئەمەیچ بوارێکی دیکەی باش لۆ کورد ئەڕەخسێنێ ئەڕای کاردانەوەی لەباری لە دژی دوژمنانی کورد . بە هەزاران لۆبی سەرکەوتووشەوە بە قەدەر ئەوە دەور نابینن کە کورد بتانێ گەمەی سیاسی خۆی بە چەکی نەوتەوە بەلێزانی و بە باشی بلیزێت. ئەوەتا جە کەرکووک مە دیت کو دوژمنانی کورد چەکی نەوتی نیشتمانی کورد بە باشی لە دژی کوردان دکار تێنن . دەی با کوردیچ هەر هیچ نەبێ ئەو چەکە لەبۆ بەرژەوەندی خۆی بخاتە گەڕ و نیشانی بدات کە خاوەنی ڕاستەقینەی سامانەکەی خۆیەتی و گەر بیهەوێ ناهێڵی تاکە یەک چۆری بە قورگی کۆمپانیا نەوتیەکانا بچێتە خوارەوە . پڕینی نەوت لە گورگە نەوت خۆرەکان بە هەر و بە هەموو شێویەک بە سەدان قات کاریگەری فرەتری لە سەدان شەڕی دژی سپا و حەشدی شێعە هەس .

مژاری بازرگانی نەوت مژارێکی هەتا بێژی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە و جێگەی داخە و کورت هێنانی کوردە کە مەردمەکەی بە گشتی شارەزاییێکی ئەوتۆیان لەم بەزمە نیە . ئەوەی کە کورد پێویستی پێەتی ئەوەسە کە یاسا و ڕێسای نەوتی کوردستان ئەشێ دە چارچیڤا یاسای بنەڕەتی کوردستان ( دەستوور ) دیاری بکرێتن و گۆڕ ئەو یاسایە کار و فرمانی نەوتی بەڕێوەبچێتن . ئەوەی کە دیارە ئەویە کە نە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و نە حکومەتی هەرێم لەم بوارە و لەم ئاقارەوە هەنگاویان نەناوە . دەبا مژاری یاسای بنەڕەتی کوردستان بخرایەتە پێش گشتپرسی و هەر هیچ نەبێ لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵی بچەسپابا و بەمەش بواری پەڵپ و بیانووی یاسایی عێراقی دەپڕا . کورد لەمە دا بە ڕاستی زۆر کورتی هێناوە هەتا ئیسە و گەر ئاواش پڕوا سەرئێشەی یاسای عێراقی بەرۆکی کورد بەر نادات . لە بوونی ئەو پێداویستی یە یاسایی یە دۆزی کورد بە گشتی و مژاری نەوت یەک لا ئەکرایەوە و کارەساتی کەرکووکیش بە سەر کوردا نەدەهات و دز و گەندەڵکار و دەس پیس ژی کورد گوتەنی قەمتەر ئەکران .

لۆ زانیاری لە مەر نەوتی کوردستان و تایبەتمەندیەکانی و دەوری یاریکەرانی سیاسی و ئابووری لەم بورەدا پڕوانئە ئەم سەرچاوە : " لە سایەی چیا دا : نەوتی کوردستان و سیاسەتی ناوچەیی "

Under the Mountains: Kurdish Oil and Regional Politics

https://www.oxfordenergy.org/wpcms/wp-content/uploads/2016/02/Kurdish-Oil-and-Regional-Politics-WPM-63.pdf

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٧/١٢/٣